# ئەو کاتژمێرەی کۆمەڵێ شتی تێدا کۆکراوەتەوە




کاتژمێر جاران هەر بەو ئامێرە دەگوترا کە لە مەچەك دەخرا و کات و رۆژمێری نیشان دەدا، بەڵام ئێستا لەسەردەمی دیجیتالیدا کاتژمێر هەموو شتێکە، باشترین تایبەتمەندی کاتژمێری جاران ئەوە بوو کە ئاوی نەدەچووێ و کاتی بە دروستی نیشان دەدا. بەڵام ئەگەر سەیری کاتژمێری VEA Sportive سپرتۆی فەرەنسی بکەین، ئیدی تێدەگەین کاتژمێر هەموو توانایەکی تێدا کۆبۆتەوە.

کاتژمێری VEA Sportive کە لەلایەن کۆمپانیایەکی فەرەنسی بەرهەم هاتووە ئەو تایبەتمەندیانەی تێدایە، وەك هەموو کاتژمێرێکی ئاسایی کات نیشان دەدات، میدیا پلەیەرە و دەتوانی گوێ لە گۆرانی رابگری، کۆنترۆڵی لێدانی دڵت تۆمار دەکات، کاتژمێرەکە تایبەتە بە وەرزشوانان، چونکە جگە لە کۆنترۆڵی لێدانی دڵ، سیستەمی GPSی هەیە بۆ ئەوەی کە بزانی لە کام شوێنی جوگرافی، مۆبایلێکە دەتوانی پێوەندی بە دۆستانەو بگری، جگە لەوەش 8 گیگابایتی هەیە بۆ داکردنی داتاکانتان. سیستەمی بلوتۆسی هەیە، سیستەمی زانینی خێرایی رۆیشتنی هەیە، هەروەها ئەو مەودایەی کە رۆیشتووی دەیپێوێ، لەهەمووی گرنگتر پێوانی رێژەی سووتاندنی کالۆرییە، دیارە ئامێرێك کە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی هەبێ، بەبێ کامێراش نابێ، بەڵێ کامێراشی هەیە. کاتژمێرەکە پێویست ناکات سەیری بکەی، هەرکاتێك دوگمەیەکت داگرت کاتەکەت پێدەڵێت. ئەوەیە کاتژمێر!

# گۆمپیوتەری یوگا لە گیرفاندا جێی دەبێتەوە

لەسەردەمی جیهانی دیجیتالی ئەمڕۆدا، هەتا دێت شتەکان بچووکتر و توانایان زیاتر دەبێت، یەکەم کۆمپیوتەری جیهان کە درێژییەکەی خۆی لە 30 مەتر دەدا و پانییەکەی دوو مەتر بوو و زیاتر لە 18 هەزار گلۆپی بوشی تێدا بەکار هاتبوو، توانای بەقەد ئەو کۆمپیوتەرەی کە ئەوەندە بچووکە لە گیرفان دەخرێت نەبوو.

لە تایواندا کۆمپیوتەرێك بەرهەم هاتووە کە بە yoga ناسراوە، کۆمپیوتەرەکە شێوەی وەك نوتی بوکێکە، بەڵام وەك هەموو کۆمپیوتەرێکی دیکە ویندۆزی لەسەرە و رامەکەی یەك گیگایە و هاردەکەی 60 گیگایە و هەموو بەشەکانی دیکەی کۆمپیوتەر وەك دی ڤیدی، کامێرا و ئینتەرنێتی وایەرلیس و بلوتوسی تێدایە. شاشەکەی تەواو لەمسییە.



# دەکرێت چەند کەسێک پێکەوە لە کۆمپیوت



زۆر ماڵ هەیە چەندین کۆمپیوتەریان هەیە و هەرکەسە لە کۆمپیوتەرێك سوود وەردەگرێت، یان ئیدارەی وا هەیە لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکەکانی رۆژانەیان تەنیا پێویستی بە کۆمپیوتەرێکە، بەڵام لە چەندین کۆمپیوتەر سوود وەردەگرن، بەڵام تۆ بڵێی بکرێت لە یەك کاتدا چەندین بەکارهێنەری کۆمپیوتەر لە یەك کۆمپیوتەر سوود وەربگرن و هەرکامیشیان پرۆگرامی تایبەت بەخۆی بکاتەوە، یان یەکێکیان فیلم سەیر بکات و ئەویتریان تایپ بکات. بەڵێ شتی وا دەکرێت، بەڵام لەکاتێکی وادا تەنیا پێویستت بە شاشەی پێویستە بۆ هەرکام لەبەکارهێنەرەکان، هەروەها کیبۆرد و ماوسی تایبەت بەخۆیان ئەگینا هەموویان لە یەك کۆمپیوتەر سوود وەردەگرن، بەڵام دەبێت کۆمپیوتەرەکە شوێنی دوو مۆنیتۆر "شاشە" یان زیاتری هەبێت، دوای ئامادەکردنی ئەوانە پێویستە پرۆگرامی Aster کە تایبەتە بەتایبەتمەندی کردنی کۆمپیوتەرێك بۆ چەند کەسێك لەسەر کۆمپیوتەرەکە هەبێت، بەڵام پێویستە کۆمپیوتەرەکە توانای ئەوەی هەبێت کە چەند پرۆگرامێك پێکەوە بکاتەوە.

# ئایفۆن لە مۆبایلەوە بۆ کامێرای



# ئەو کاتژمێرەی ئیمێل بەڕێ دەکات




کۆمپانیای بلۆئیســـکای کاتژمێرێکی بەرهەم هێناوە کە لەگەڵ هاندە هۆشـــمەندەکان دەگونجێـــت، کاتژمێرەکە بکە بە I'm Watch ناسراوە تایبەتمەندییەکانی ئەمانەن: دەتوانی پێوەندی لە ڕێگەی بلوتۆسەوە لەگـــەڵ مۆبایلی جۆری ئایفـــۆن و مۆبایلە زیرەکانـــی دیکـــە دابمەزرێنێـــت، ئیمکانـــی وەڵامدانەوە بـــە پێوەندییـــەکان و بەڕێکردن و وەرگرتنی ئیمێل و کورتە پەیامەکان.

جگە لەوانەش کاتژمێرەکە خاوەنی شاشەیەکی جۆری TFTکە لەبەر تیشکی خۆر هیچ گۆڕانی بەســـەردانایەت، چوار گیگابایت میمۆری ناوخۆیی و دەتوانـــێ میمۆری دەرەکی 64 میگابایتیشـــی بۆ دابندرێ.

## ـــەرێک سوود وەربگرن؟



## مێزی کۆمپیوتەر، یان کۆمپیوتەری مێز

ئەو مێزەی لە وێنەکـــەدا دەبینن کە کۆمپیوتەرەکـــە بەتەواو مانـــا، ڕەنگە لـــە داهاتوودا لـــە ماڵەکانـــی ئێمە و شـــوێنی کارمان ببیندرێ، کۆمپانیای مایکرۆسۆفت چەند ســـاڵێکە هەوڵی دروستکردنی مێزێکی زیرەکی دیجیتالی لەم شـــێوەیەی داوە، مێزە کۆمپیوتەرەکە کە بە Ideum ناســـراوە سیستەمی ویـنـــدۆز7ی لەســـەرە. مێزەکـــە 55 ئینجە، وێنەکان بە کوالیتی بەرز نیشان دەدات، پرۆسیســـەری Corei5ی لەســـەرە، رامەکـــەی 8 گیگابایتە. هاردەکـــەی 128گیگابایتـــە و لـــە جـــۆری SSDیە. کۆمپیوتەرە مێزەکە دەتوانێت لە ڕێگەی سیســـتەمی وای فای و بلوتوسەوە پێوەندی لەگەڵ هێڵی ئینتەرنێت هەبێت، خودی مێزەکە تەواو لەمسیە لە یەکاتدا دەتوانێ 32 خاڵی لەمســـی بناســـێ بۆ ئەوەی کۆمەڵێك لەسەر مێزەکە کار بکەن.



## ـــەکی پیشەیی

ئایفۆن ئیدی هەر لە بازنـــەی مۆبایلدا نەماوە، زۆربـــەی ئەرکی ڕۆژانە بە ئایفـــۆن دەکرێ ئەنجام بدەی، لەم دواییانـــەدا ئەندازیارانی کۆمپانیایەکی ئایتی لە ئەمریکا داهێنانێکـــی نوێیان بۆ ئامێری ئایفـــۆن دانـــاوە، ئەویـــش ئامێرێکە کـــە دەتوانێت عەدەســـەکانی جۆری SLR لە مۆبایلی زیرەکی ئایفۆن پێوەنـــد بدرێت. ئەو پایەیـــە دەتوانێت ببێتە چوارچێوەیـــەك بۆ دانانی عەدەســـەی جۆری Fی کامێـــرای "نیکن" و هەروەها عەدســـەکانی جۆری EF کامێـــرای کانون. هەرچەندە نەبوونی ئاوێنە لە ناوکامێـــرای ئایفۆندا دەبێتە هـــۆی ئەوەی کە ئەو وێنانەی بە عەدەسە دەگیرێن بەراوەژوو نیشان بدرێن، بەڵام لەبری ئەوە دەتوانی گەورەیی و فۆکس بدەی بە وێنەکە.

# Doctor Bug چارەسەری نەخۆشییەکانی




ئایا کۆمپیوتەرەکەت بەبێ هیچ هۆیەك دەکوژێتەوە، یان لە خۆڕا شاشـــەکەی شین دەبێت، یان ئەوکاتەی کە دەکرێتەوە تووشی گرفتی سەیرو سەمەرە دێت. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە 94% کۆمپیوتـــەرەکان تەنیـــا دوای 30 رۆژ کارکردن تووشی هەڵە و گرفت دەبنەوە. بچووکتریـــن هەڵەکانیـــش بەهـــۆی سڕینەوەی پرۆگرامەکانەوە روودەدەن. Bug doctor نـــاوی ئـــەو

## چۆن بە ئاسانی لە ئەنتەرنێتدا گەشت بکەین

بە فێربوونی دوگمە لابڕەکان (Shortcut) چێژێکی زیاتر لە ئەنتەرنێت وەردەگرن. لەسەرەتادا رەنگە فێربوونی کارکردی ئەو دوگمانە بۆتان دژوار بێت، بەڵام دوای فێربوونیان خێرایـــی گەڕانتان لە ئینتەرنێتدا چەند بەرابەر دەبێت. ئەوە لیستێك لەو فەرمانانەیە کە پێویستە بیزانن:

بـــە دوگمەی Space bar واتـــە دوگمە گەورەکەی ســـەر کیبۆرد: لاپەڕەکە دەچێتە خوارەوە.

بە داگرتنـــی دوگمەکانـــی shift+ space bar: لاپەڕەکە دەچێتە سەرەوە.


Ctri+F: گەڕان لە ئینتەرنێتدا.
Ctril+D: سایتەکەت بۆ بوکمارك دەکات.
Ctrl+T لاپەڕەیەکی نوێ دەکاتەوە.
Ctrl+K دەچێتە سەر بەشی سێرچ بار.
Ctrl+L دەچێتە سەر ئەدرەس بار.
Ctrl+W داخستنی لاپەڕەی بەردەست.
Alt+home: دەچێتە لاپەڕەی دەستپێك.

بۆ دانانی پاشگرەکانی وەك Org.net.com لەگەڵ پێشگری www لە سایتەکاندا پێویست ناکات کە ئەوانە بنووسن بگرە بە داگرتنی ئەو دوگمانە خۆیان دەنووسرێن:

Control+Enter بۆ .Com
Shift+Enter بۆ .Net
Contrl+shift+Enter: بۆ .Org

گەڕان لەناو Tabەکاندا:

Ctrl+tab رۆیشتن بۆ tabی دواتر.
Ctrol+shift+tab: گەڕانەوە بۆ tabی پێشتر.





## حەز دەکەی داتاکانت بۆ هەمیشەیی پارێزراو بن

زانیارییە شەخسییەکان بۆ مرۆڤ لە هەموو شتێك گرنگترن، جار هەیە فیلمێك یان وێنەیەك کە لەسەر کۆمپیوتەر یان مۆبایلەکەتە لە گەڵ هیچ بەهایەکی مادی بەراورد ناکرێت، ئەگەر فیلمەکە ســـڕایەوە یان وێنەکە لەناو چوو، ئیدی قەت دەستناکەوێتەوە. چ کۆمپیوتەر، چ فلاش میمۆری، چ ئامرازی دیکەی هەڵگرتنی داتـــا ئەوەندە جێگای متمانە نین، چونکە ئەگەری هەیە ون بن، یان تێك بچن. ئیدی ئەوکات چ دەکرێت؟

باشـــترین و ئەمنترین و جێگای متمانەترین رێگا ئەوەیە کە فایـــل و داتا گرنگەکانتان لە ســـەر Dropbox یان Box. net خەزن بکەن، ئەوانە دوو سایتن کە دەق و زانیارییەکانی ئێوە دەپارێزن، هەردوو ســـایتەکە زیاتر لەگەڵ ئەو خزمەتگوزارییەدا زیاتر مەبەســـتیان بازرگانی کردنە، چونکە داگیرکردنی 100 گیگابایت بۆ داکردنی داتاکانت لە سایتی Dropboxدا 20 دۆلارە، بەڵام لە ســـایتی Box.net دا 500 گیگابایت بە 15 دۆلارە. ســـایتی Dropbox تەنیا 2 گیگابایت شوێنی بێ بەرامبەر دەبەخشێت، بەڵام سایتی Box.net 5 گیگابایت شوێنی بە خۆڕایی دەبەخشێت.

## کۆمپیوتەر دەکات

پرۆگرامەیــە کــە هەڵــە و کەموکورییەکــران لەنــاو دەبات، کۆمپیوتەرەکان خاوەنی 200 هەڵەی شاراوەن کە دوای ماوەیەك لە کار کردن دەردەکەون. بەهۆی پرۆگرامی Bug doctorەوە کۆمپیوتەرەکەت خێرایی زیاد دەبێت و گرفتەکانی چارەسەر دەبن.
تواناکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:
- سکانکردنی و گەڕان بە دوای هەڵەکاندا.
- لابردنی هەڵە و گرفت کە بوونەتە گرفت بۆ کۆمپیوتەر.
- چاککردنەوەی فایلە تێکچووەکان.
- لابردنی هەڵەو کەموکورییەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی.
- گونجان لەگەڵ گشت ویندۆزەکان.

## بنەماڵەی فیرعەون رزگار بکە

یەکێك لە یارییە سەرنج راکێشە، داستانییەکان، یاری TheLos-Kingdomیە کە داستانی یارییەکە بۆ چاخی میسری سەردەمی فیرعەنــەکان دەگەڕێتــەوە. یارییەکە تەواو فیکرییە و پێویســتی بە بیرلێکردنەوە هەیە. ســەرەتای یارییەکە لە مۆزەخانەی میسرەوە دەست پێدەکات، کاراکتەری یارییەکە لەسەر دیوارێکی مۆزەخانەکە کلیلێکی نهێنــی دەدۆزێتەوە، کلیلەکــە بۆ دۆزینــەوەی زێڕەکانی بنەماڵەی فیرعەنەکانــە کە نەخشــەی گەنجەی لەســەر یەکێك لــە گۆڕەکان نووســراوە. پاش دۆزینەوەی کلیلەکە دەبێ بە دوای گۆڕی یەکێك لە فیرعەونەکاندا بگەڕێی، کە ناوی raned، چونکە دەرگای ژووری گەنجینەکە لە ژێر گۆڕەکەی ئەو دایە، هەروەها دەبێ خێزان و ماڵی فیرعەونیش رزگار بکەیت لەدەســت جادوگەرێك کە لە یارییەکەدا بە نەیاری تۆ دەژمێردرێت و دووبارە بــۆ ژیان بیانگەڕێنیەوە، یارییەکە لە پێنج قۆناخ پێك دێت، لەســەر گشــت ویندۆزەکانیش کار دەکات و گرفتی نییە.





## هەر چارە و وەڵامی پرسیارێ

خوێنەرێك پرسـیاری ئـەوە دەکات، چۆن پاش تــەواو بوونی ئەرکەکانم لەسەر ئینتەرنێت بتوانم پاشماوەی ئەو سایت و ئەرکانەی کە لە ئینتەرنێت کردوومە بســڕمەوە بۆ ئەوەی کەسانی دیکە کە دێنە سەر کۆمپیوتەر هەست بەوە نەکەن من چ سایتێکم کردۆتەوە، یان هەر خۆم حەز دەکەم ئەدرەســی ســایتەکانم بســڕمەوە. دیارە خوێنەری بەڕێز بۆ هەر کام لە پرۆگرامەکانی کردنەوەی ئینتەرنێت وەك "ئینتەرنێــت ئیســکپلۆرێر، فایرفۆکس، گــوگل کرۆم..تاد" شوێنەکەیان جیاوازە، ئەوەی ئێستا ئێمە باسی دەکەین لە پرۆگرامی "ئینتەرنێت ئیسکپلۆرێر"ە.
لەسەرەتادا لە بەشــی Toolsدا فەرمانی Internet o-tions بکەوە، لەوێش کلیك لەســەر فەرمانی Privacy بکە، لەوێدا کە دوگمەی Clear sites داگرت، گشــت ئەدرەســی ســایتەکان دەســڕێتەوە، بەڵام ئەگەر بتهەوێ هیچ کات سایتێك خەزن نەکرێت ئەوە دەتوانی لە بەشــی internet Options کلیك لە Use blank بکەی و ئەو کات هەموو ئەدرەســەکان دەسڕێنەوە.



## سایتێک بۆ داونلودکردنی درایڤەکانی کۆمپیوتەر

کاتێك ویندۆزێك دادەبەزێینە سەر کۆمپیوتەر، دەبێت گشت پارچەکانی کۆمپیوتــەر وەك کارتی شاشــە، کارتــی دەنگ، پرینتــەر، بلوتوس، دیڤیدی درایڤ..تاد بە ویندۆزەکە بناســێنین، هەرچەندە لە ویندۆز7دا تا رادەیــەك ئەو گرفتانە کەمبوونەتەوە و ویندۆزەکە بەشــێکی زۆر لە پێناســەکانی تێدایە، بەڵام لە ویندۆز7یشدا بۆ هەندێك پارچە ناچارین تەعریفی پارچەکە بکەین. سایتی Ucadles ئەو سایتەیە کە گشت پارچەکانــی کۆمپیوتەرت بەبێ بەرامبەر دەداتێ، لەو ســایتەدا ناوی جۆری کۆمپیۆتەرەکە و سیســتەمەکەت دەنووســی و ئیدی بە ئاسانی دەتوانی پرۆگرامی تەعریف کردنەکە دابەزێنی.